# بەرەو پێشوازی سی ویەك ساڵەی تیرۆری ناجوامێرانەی دۆکتۆر قاسملووی ڕێبەر وهاوڕێیانی لە ڤییەن



**ئامادە کردن و لێکۆڵینەوە : ئەمین خەواله**

**ڕۆژنامەنووس و هەواڵنێر**

**١١ی مانگی ٧ ی ٢٠٢٠**

لە کاتێکدا ٣١ ساڵ بە سەر تێرۆری ڕیبەری نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیانی لە ڤییەن پێتەختی وڵاتی ئۆتریش تێپەردەبێت، کۆمەڵگای جیهانی و ڕێکخراوە مافی مرۆڤییەکان و دەزگا دادپەروەرییە نێودەوڵەتییەکانی جیهانی چاوی خۆیان لە ئاست دەرئەنجامی دۆسیەی تێرۆری دۆکتورر قاسملوو و هاوڕێیانی داخستووە و بێدەنگی باڵی بە سەر ئاکامی تێرۆریستاندا کیشاوە و سەرپۆشی لە سەر دانراوە.




دوابەدوای فەرمانی جیهادی خۆمەینی دژی گەلی کورد و دەربازبوونی ١٠ ساڵ شەڕی دەستەویەخە لە ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتیی شەهید دوکتور عەبدولرحمان قاسملوو سکرتێری گشتی ئەو کاتی حیزب لە لایەکەوە و پاسدار و چەکدارەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە لایەکی دیکەوە، بڕیاری وتوویژ و دانووستان لە نێوان بەرپرسانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و هێزەکانی حیزبی دێمۆکرات بە ڕێبەرایەتیی دوکتۆر قاسملوو بە نێوانجیبگەری ڕێزدار جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکیەتی نیشتمانی کوردستانی باشوور لە وڵاتێکی بێ لایەنی ئەورووپایی هاتە ئاراوە و لایەنەکان دوای چەندین جار دانیشتن و کۆبوونەوە بە دەرئەنجامێکی ئەوتۆ نەگەیشتن و لە دواین کۆبۆنەوەی هاوبەشییان لە شاری ڤییەن پێتەختی وڵاتی ئۆتریش لە ڕێکەوتی ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٣ی جوولای ساڵی ١٩٦٩ی زایینی دۆکتور

قاسملووی ڕێبەر هاوڕێ لە گەڵ هاوڕێی بەڕێز کاك عەبدوڵا قادری ئازەر و دۆکتۆر فازیل ڕەسووڵ لە سەر مێزی وتووێژ لە لایەن دیپلۆماتە تێرۆریست پەروەرەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هاتنە تێرۆر کردن و بە داخەوە دۆکتۆر قاسملوو و هاوڕێیانی شەهید کران و لەوپەڕی چاوەڕوانیی نەکراوی دا بکوژانی دۆکتۆر قاسملوو و هاوڕێیانی دوای چەن ڕۆژ ڕادەستی کۆماری ئیسلامی کرانەوە.

لە گەڵ ئەوەی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا دۆسیەی تێرۆری ڕێبەری نیشتمانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هاوڕێیانی دانەخراوە و هێشتا هەر وا کراوەیە بەڵام تا ئێستاش هیچ دەرئەنجامێکی ئەوتۆی نەبووە و تێرۆریستان هەر وا بە ئازادی هاتووچۆ ئەکەن و دەزگای دادپەروەری ولاتی ئۆتریش تا ئێستاش هیچ بڕیارێکی گرینگی سەبارەت بە دەسبەسەر کران و گەمارۆ لە سەر بکوژان دەرنەکردووە و بە ئاشکرا چاوی خۆی لە ئاستی ئەو دۆسیە داخستووە و لە ئاستی ئەو جینایەتە دژی مرۆڤایەتییەی کۆماری ئیسلامی بێدەنگی هەڵبژاردووە.



گەلۆ بێدەنگی و چاو داخستنی بەرپرسانی وڵاتە ئەورووپییەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ چی دەگەڕێتەوە؟ بۆ پارچە پارچە بوونی کوردستانی نیشتمان! یان فرە حیزبی و لەت لەت بوونی حیزب و ڕێکخراوەکانمان؟ لە ڕاستییدا کورد لە ساڵانی ڕابردوو دا نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی بەرەیەکی یەکگرتوو و هاوبەش لە یەکیەتی ئەورووپا و شەڕی کورسی و دەسەڵات حیزبەکانی کوردستانی لە هەموو پارچەکان لەت و پەت کردووە و هەر پارچەیەك و هەر حیزبێك بۆ خۆی ڕێبەرێك و پێشەوایەکی دیاریکردووە و چاویان لە ئاستی یەکدی هەڵنایەت و هیچ کام لە پارچەکان یان حیزبەکان ڕێبەری لایەنی بەرانبەریان وەکوو ڕێبەر و پێشەوای خۆیان یان لانیکەم وەکوو بەرپرسێك و شۆڕشگێڕێك قەبووڵ نییە و هەر بۆیەش وڵاتانی ڕۆژئاوایی تا ئێستاش یەکدەنگی و هاوپشتی گەلی کوردییان نەدیووە و بۆیە لە بەرانبەر ساتووسەوداکانی کۆماری ئیسلامیی و وەرگرتنی چەند بەرمیل نەوت و هەڕەشەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی بێدەنگییان لە هەمبەر دۆسیەی تێرۆری ڕێبەری نەتەوەیی گەلی کورد هەڵبژاردووە و حیزبی دێموکرات و بەرپرسانی بە تەنیایی تا ئێستا نەیانتوانیوە دەرئەنجامی دەزگا دادپەروەرییەکانی ئۆتریش و یەکیەتی ئەورووپا بە لای خۆیاندا هەڵبگەڕێننەوە و توانای بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکەیان نەبووە.

فرۆشتنی چەك و تەقەمەنی بە لایەنەکانی شەڕی ٨ ساڵەی نێوان ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و ڕژیمی بەعسی عێراق لە لایەن وڵاتە ڕۆژئاواییەکان و لە سەرووی هەموویانەوە وڵاتی ئۆتریش، وەکوو ئامرازێك بۆ کارتی گوشار بە کار هێنرا بۆ وەرگرتنەوەی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی ئێران لە ژێر دەستی دەزگا دادپەروەرییەکانی وڵاتی نەمسا و دادگای مافی مرۆڤی یەکیەتی ئەورووپا و لە ڕاستییدا بکوژانی ڕێبەری کورد و هاوڕێیانی بە ئێسکۆرتەوە بەرەو تاران ڕەوانە کرانەوە و سەرپۆش

له سەر دوسیەی تێرۆری دوکتۆر قاسملوو و هاوڕێیانی دانرا و له لایەکی دیکەش وەکوو باس کرا نەبوونی لۆبییەکی یەکگرتووی کورد ڕەوتی بەرەو پێش چوونی دوسیەکە بە ئاقارێکی دوابەدوا دا کێشا و ڕێکخراوە مافی مرۆڤییەکان و ناوەندە لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتییەکانیش گوێی خۆیان لی خەواند و دوای تێپەڕبوونی ٣١ ساڵ بە سەر ئەو جینایەتە دژی مرۆڤایەتییەدا بکوژان و تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامی و بەرپرسانی ئەو ڕژیمە دیکتاتۆرە هێشتا بەردەوامن لە درێژە پێدان بە تێرۆری نێودەوڵەتیی و هەناردە کردنی تێرۆر بۆ هەموو جیهان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوین بە تایبەتی.

دوای کەمتر لە ساڵێك دەزگای تیرۆری ڕژیمی کۆنەپەرەستی ئێران جارێکی دیکە دەستی بە خوێنی ڕێبەرێکی دیکەی گەلی کورد، دوکتۆر سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی سوور کرد و ئەمجارە لە شوێنی نانخواردن و لە رێستوورانتێك بە ناوی میکۆنۆس لە وڵاتی ئاڵمان دوکتۆر شەرەفکەندی و هاوڕێیانی کرانە ئامانج و زۆر بێڕەحمانە شەهید کران و کۆماری ئیسلامی پەڕەیەکی ڕەشی دیکەی بۆ خۆی و ڕژیمەکەی تۆمار کرد و جارێکی دیکە بۆ هەموو جیهانی ئاشکرا کرد کە دژی دێمۆکراسی و ئازادی و مافی چارەنووسی گەلان و نەتەوەکانەی وڵاتەکەیەتی وڵاتێك کە بە ناحەق خۆی بە سەر نەتەوەکانی دانیشتووی هەموو ناوچەکانی دا زاڵ کردووە و بووە بە خاوەنی ژێرخانی ئابووری و مافی چارەنووسی ئەو نەتەوانە و بەردەوامە لە چەوساندنەوەیان ولێك بەردان و درووست کردنی شەڕ و ئاڵۆزی لە نێوانیان دا بە بیانووی جیاخوازی و پارچەپارچەکردن و دابەش کردنی خاکی وڵاتێکی وەهمی بە ناوی ئێران.

لە ئێستادا پێکهێنانی بەرەیەکی ڕاستەقینە بۆ وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی نەتەوەکەمان و دەربازبوون لە سنوورەکانی چەوساندنەوە زیاتر لە پێشوو هەستی پێ دەکرێت و پێویستە بەڵام مخابن فرە حیزبی و شەڕی ئاڵا و شەڕی ئایدیۆلۆژیا باڵی بە سەر هەموو پارچەکانی نیشتمانەکەماندا کێشاوە و دەربازبوون لە قەیرانی کورسی و دەسەڵات پەرەستی و هەنگاو هەڵهێنان بەرەو پێکهێنانی ئامانجێکی هاوبەش و یەکگرتوو زۆری ماوە و زەحمەتە.




با لە بیر نەکرێت داواکاری دوکتۆر قاسملوو لە بەرپرسانی ڕژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی تەنیا بە فەرمیی ناسینی سنوورەکانی کوردستان و مافی دابین کردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد و خوێندن بە زمانی دایکی لە سنوورەکانی کوردستان بوو کە بە داخەوە شەمشە کوێرەکانی ڕژیمی و دوژمنانی ئازادی چاویان لە ئاست بەختەوەری نەتەوەی کورد و ئاوابوونی خاکی کوردستان هەڵنەهات و لە کاتی وتوویژ و دانووستان و بە پێی بەرنامەیەکی لە پێشدا داڕێژراو ڕیبەری نەتەوەیی گەلی کورد و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و هاوڕێیانی زۆر بێ بەزەییانە کەوتنە بەر ئاگری غەزەبیان و بە گوللەی ڕق و کینەی ڕژیم تێرۆر و شەهید کران. بەڵام ناوی دوکتۆر قاسملوو وەکوو ناوی پێشەوا قازی مۆحەممەد و وەکوو

ناوی سمکۆی نەمر بە نەمری مایەوە و تەنیا ڕووڕەشی و پەڵەیەکی رەشی دیکە خرایە سەر کارنامەی چەپەڵی کاربەدەستانی کۆماری پەت و سێدارە و تا ئێستاش ترس لە ئەویندارانی قاسملوو و هاوڕێیانی خەونی لە چاویان حەرام کردووە و تا ئێستاش شۆڕشگێڕان و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات ئێعدام و تیرۆر دەکرێن. ئەمە لە کاتیکدایە نەمامی ئازادی کە لە لایەن دوکتۆر قاسملوو و ڕێبەرانی نەتەوەیی دیکەوە چیندرا ساڵ لە گەڵ ساڵ باڵا دەکات و گەورەتر و ئەسنوورتر دەبێت و هەستی نەتەوەیی لاوان و تیکۆشەرانی وڵاتەکەمان نەوە لە دوای نەوە زیاتر باڵا دەکات و بە هێزتر دەبێت.

هەموو ساڵێك وەکوو نەریتێك لە لایەن کوردستانیانی دانیشتووی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات یادی شەهیدان کرانی دوکتۆر قاسملوو بەرز و بەڕێز ڕادەگیرێت و بکوژان و ڕژیمی تێرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئاستی نێودەوڵەتیی و هەموو جیهاندا شەرمەزار دەکرێت و لە لایەن کوردستانیانەوە لە گەڵ ڕیبەرانی نەتەوەیی گەلی کورد و لە سەرووی هەموویانەوە شەهید قاسملووی نەمر پەیمان نوێدەکرێتەوە و وەفاداری بە بەڵێنەکان دووپات دەکرێنەوە. ڕێبەرێك کە دوای تێپەڕبوونی ٣١ ساڵ لە شەهید کرانی و ڕژانی بە ناحەقی خوێنی هیشتا ناوی و رێبازی زیندووە و ڕێنمایی و وتە و نووسراوە و لێکۆڵینەوەکانی ئیستاش لە زۆربەی زانکۆ ڕۆژئاواییەکان وەکوو وانەیەك لە زانکۆکان دەوترێنەوە و دووپات دەکرێنەوە و هێشتا کۆن نەبوون و نوێیە و بگرە رۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر لە گەل بارودۆخەکەدا گونجاو دەبن و دەگونجێن. دوکتۆر قاسملوو لە کتێب و نووسراوەکانی وەکوو کوردستان و کورد بە وردی ئابووری کوردستان و ناوچە کوردنشینەکانی هەموو کوردستان ئەخاتە ژێر لێکۆڵینەوەی ورد و لە کورتەباس دا بە پێشکەش کردنی سیستەمی سۆسیالیزمی دێمۆکراتیك بۆ کۆمەڵگای داهاتووی کوردستان و هەڵسەنگاندنی سۆسیالیزمی بەردەست و چاکە و خراپەکانی ناوی خۆی بۆ هەتا هەتایە لە مێژووی کورد تۆمار کردووە و خزمەتێکی بەرچاوی بە بزاڤی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد پێشکەش کردووە و تا ئێستاش ڕێگای بەردەوامە و ڕێبوارانی هەر چەن بەر بڵاو و پارچە پارچەکراو بەڵام هێشتا درێژەدەری ڕیگا و بیر و بڕواکانی و هەوڵ ئەدەن بۆ زیندوو ڕاگرتنی یاد و بیرۆکە و ئەندیشەکانی بۆ نەوەکانی داهاتووی نەتەوەکەمان.

دە قی نوستراوە کە لە سە ر سایتی کۆمیتتە ی کوردە کانی نیشتە جی ئە مریکا بۆ دێمۆکراسی ۆ ماڤی مرۆڤ :
https://wp.me/p3cbOo-KZ